# فرۆنتپەیج بە کوردی

| | | |
|---|---|---|
| 2004-07-28 | دانانی میوان ژمێرەر بۆ ماڵپەڕ | نووسەر : ئاسۆ نادری |

ئەم وانەیە بریتییە لە چۆنیەتی دانانی میوان ژمێرەرێک( Counter) بۆ ماڵپەڕ.
بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم ژمێرەرە ئیش بکات لەسەر ماڵپەڕەکەت دەبێ، خانەخوێی ماڵپەڕەکەت پاڵپشتی فرۆنتپەیج بکات.( Support).

---

دەستپێکردن: فرۆنتپەیج بکەوە، لە لیستەی Insert دا کرتە بکەسەر Web Component




پاشان لە پەنجەرەی هەڵبژاردنەکاندا کە بۆت دەکرێتەوە لە بەشی چەپی پەنجەرەکەدا Hit Counter شین بکەو بەشی ڕاستیشدا شێوازێک بۆ ژمێرەرەکە هەڵبژێرە،




Finish کرته بکه.

پاشان پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دێتە پێشەوە،




1> ئەگەر بتەوێ شێوازی ژمێرەرەکەت بگۆڕیت، دەتوانی لێرە جێبەجێی بکەیت.

2> دانانی ژمارەیەک، ئەو ژمارە ژمارەی ئەو کەسانە دەبێت کە سەردانی ماڵپەڕەکەتیان کردووە.

3> تا چەند ژمارە بچێتە سەرەوە، لە نێو خانەکەدا خۆی 5 ـی بۆ دیاریکراوە، مانای وایە بەم

شێوە دەبێت 12345و نابێت بە 123456 .

پاشان OK کرتە بکە.

ئێستا کرتە دەکەینە سەر Preview بۆ پێشبینینی ئیشەکەمان.




دەبینین کە ژمێرەرەکەمان وەک نووسراوەیەک دەرکەوتووە، فرۆنتپەیج دەڵێت ئەم پەڕەیە پێویستی بە پاشەکەوت و بڵاوکردنەوەیە لەسەر وێب بۆ ئەوەی ئیش بکات.




بەو شێوە ئەم وانەیە کۆتایی پێدێت. بەڵام لەبیرت نەچێت ئەبێت خانەخوێی ماڵپەڕەکەت پاڵپشتی فرۆنتپەیج بکات بۆ ئەوەی ژمێرەرەکە ئیش بکات.

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی